*Journal of Language Studies.* Vol.7, No.4, 2023, Pages (90-111)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.4.5

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Dictionary body word structure in Kurdish

**AZAD AMEEN FARAJ***
**Kirkuk university – college of education**
**dr.azad@okirkuk.edu.iq**

**Received:** 10 /8 / 2023 , **Accepted:** 24 / 9 /2023, **Online Published: 31 / 12 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

In this research, we want to identify the parts of the human body as concrete forms in a structure in Kurdish words and try to dismantle and fragment them. It is worth noting that the names of the parts of the human body, as the basic dictionary of the language, have a major role in the composition of Kurdish words, because knowing the structure of words is an essential aspect of linguistic ability. Therefore, we want here to determine the structure of words in our language in which the parts of the human body participated and became a lexical word and written in the dictionary. Each of these body words has a network of relationships with other forms, and these relationships can be determined at the morphological and semantic levels.

**Keywords:** body Word, body as a concrete morpheme, by abstraction

* **Corresponding Author**: AZAD AMEEN, **Email:** dr.azad@okirkuk.edu.iq
**Affiliation**: Kirkuk University - Iraq

## بنية الكلمات الجسمية في القاموس باللغة الكوردية

**أ.م.د. ازاد امين فرج**

**جامعة كركوك – كلية التربية للعلوم الانسانية**

**المستخلص**

فی هذا البحث، نقوم بتحديد أجزاء جسم الانسان على أنها أشكال ملموسه فی بنيه الكلمات الكورديه ومحاوله تفكيكها و تجزئتها . و الجدير بالذكر أن أسماء أجزاء جسم الإنسان باعتبارها القاموس الاساسی للغه لها دور كبير فی تركيب الكلمات الكورديه ، لان معرفه بنيه الكلمات هو جانب أساسی من جوانب القدره اللغويه . لذلك نريد هنا تحديد بنيه الكلمات فی لغتنا التی شاركت بها أجزاء جسم الانسان وأصبحت كلمه معجميه ومكتوبه فی القاموس ، ولكل كلمه من كلمات الجسد هذه شبكه من العلاقات مع الصيغ الاخرى ، و يمكن تحديد هذه العلاقات على المستويات الصرفيه و الدلاليه .

**الكلمات الدالة:** كلمة الجسم، الجسم كمورفيم ملموس، من خلال التجريد.

## دروستەی جەستەوشەی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا

**أ . م. د. ازاد امين فرج ( باخەوان)**

**جامعة كركوك – كلية التربية للعلوم الانسانية**

**پوختە :**

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت ئەندامەکانی جەستە وەك مۆرفیمێکی کۆنکریتی لە پێکهاتەی وشەکانی زمانی کوردیدا دیاریبکەین و هەوڵی لێکترازان و هەڵوەشانەوەیان بدەین . جێی سەرنجە ناوی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ وەك فەرهەنگی بنەڕەتی زمان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە دروستەی وشەی زمانی کوردیدا ، چونکە : زانینی ستراکچەری وشەکان لایەنێکی بنەڕەتییە لە توانای زمانی . بۆیە لێرەدا دەمانەوێت پەیکەلی ئەو وشانە دیاری بکەین کە لە زمانەکەماندا ئەندامەکانی جەستە تێیدا بەشداربوونە و بوونە بە وشەیەکی فەرهەنگی و لە فەرهەنگدا دەنوسرێنەوە . هەروەها هەر یەك لەو جەستەوشانە خاوەنی تۆڕی پەیوەندین لەگەڵ مۆرفیمەکانی تردا ، کە دەشێت لە ئاستی مورفۆلۆژی وسیمانتیکدا ئەو پەیوندییانە دیاریبکرێن .

وشە کلیلەکان : جەستەوشە ، جەستە وەك مۆرفیمێکی کۆنکریتی ، بە ئەبستراککردن.

**پێشەکی**

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی میتۆدی شیکردنەوەی پەسنکەرانە ، هەوڵدراوە دروستەی ئەو وشانە دیاریبکرێت کە جەستە وشەن ، مەبەستمان ئەو وشانەیە کە ئەندامەکانی جەستە تێیدا بەشدارن . واتە بەشێك لە ئەندامەکانی جەستە رۆڵی گرنگ دەبینن لە دروستەی گەلێك وشە نوێ لە زمانی کوردیدا . هەر لەم توێژینەوەیەدا ئەو داتانە خراوەنەتەڕوو کە جەستە وشەکان ئاراستەکەر و سەرەی پێکهاتەکانن . یان هەندێکجار وشە یاریدەدەرەکان دەبنە ئاراستەکەر و دەبنە سەر و رۆڵی سەرەکی پێکهاتەکان دەبینن . هەروەها جێی سەرنجە لە زمانی کوردیدا بەشیك لە جەستەوشەکان زۆر چالاك و بە بەرهەمن و سەرچاوەی بە لێکسیمبوونن و دەسەڵاتی واتاییان بۆ خۆیان بەکێشکردووە . بەمجۆرە دەبینیین هەندێك لە جەستەوشەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و دروستکردنی وشەی فەرهەنگیدا هەیە .

ناونیشان و بواری توێژینەوە :

دروستەی جەستە وشەی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا ( کرمانجی ناوەڕاست ) کە تێیدا باس لەو وشانە کراوە کە ناوەکانی جەستە رۆڵیان هەبووە لە دروستەکەیاندا . هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە و بە وردی ئەو وشانە هەڵوەشێنراونەتەوە و دروستەکانیان دیاریکراوە .

گرنگی توێژینەوە :

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە ناوەکانی جەستە وەك فەرهەنگی بنەڕەتی زمان توانای دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیان هەیە لەڕێی بەشداریکردنیان لەگەڵ وشە و مۆرفیمە ناجەستەییەکانی تر بۆ پێکهێنانی وشەی فەرهەنگی نوێ .

ئامانجی توێژینەوە :

دیاریکردنی دروستەی جەستەوشەی فەرهەنگی زمانی کوردییە ، کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستەی نوێدا هتیة ، وەك : دەست ، چاو ، دڵ ، سەر ... هتد .

پرسیاری توێژینەوە :

ئایا ئەم جەستەوشانە دەتوانن بەشداری کردەی دروستکردنی وشەی نوێ بۆ واتا و مەبەستی نوێتر بکەن ؟
ئایا کام لەم وشانە چالاك و بەکارن ؟

1-1 :- دروستەی جەستەوشەی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا :

گومان لەوەدا نییە کە مۆرفۆلۆژی بە یەکێك لە ئاستە گرنگەکانی زمان دادەنرێت و لە زمانی قسەکردنی هەموو زمانەندا هەیە و هەر زمانێك لەگەڵ زمانێکی تردا جیاوازی نیشان دەدات .. واتە بەپێی تایبەتمەندێتی هەر زمانێك مۆرفۆلۆژی ئەو زمانە دەرکەوتووە یان دروست بووە . ئەرکی مۆرفۆلۆژیاش وەکو زانست لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە وشەکانی زمان و چۆنیەتی دروست بوون و هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی بەشە پێکهێنەرەکانی وشەکان کە لە ڕووی تەکنیکییەوە ، (( پێکهاتەکانی وشەکان دەبەخشێت ))( مەحوی، ٢٠١٠، ل5) . کەواتە ((وشەسازی بەشێکە لە ڕێزمانی زمان ، کە لە ڕۆنانی وشە دەکۆڵێتەوە ، واتە ڕێگاکانی دروستبوونی وشەی زمان دەبێتە

تەوەری ئەم زانستە ))(سەعید، ٢٠١٣، ل6 ). یان هەر وەك ( Rad ford ) دەڵێت :- (( مۆرفۆلۆجی : لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی لێکدان و ڕیزبوونی مۆرفێمەکان لە فۆرمی وشەدا ))(سەعید، ٢٠١٣، ل٧). کەواتە مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە لێکترازانی کەرەستەکانی وشە بۆ کەرتی بچووکتر کە پێی دەوترێت مۆرفیم ، ئەو مۆرفیمانەش بینای مۆرفۆلۆژی وشە پێکدەهێنن . ئەمیش مانای وایە وەك( کاتامبا ) دەڵێت : (( زانستی وشەناسی لەبارەی ئەو وشانەی کە سادەن و کەرت کەرت نین هیچی بۆ ووتن نییە ، بەڵکوو ئەوانی ئەبێت واتا و شێوازی گۆکردنیان لە وشەداندا تۆمار بکرێت ))(کەرەمی، ١٣٩٦، ل٤) .

1 – 2 : مۆرفێم :

سەبارەت بە مۆرفێم و پێناسەی مۆرفێم و جۆرەکانی مۆرفێم و مەرجی بە مۆرفێم بوون ڕای جیاواز دەبینرێت . لەلای بەشێکی زۆر لە ڕێزماننوسان ( واتا ) مەرجی بنەڕەتی و سەرەکییە بۆ مۆرفێم ، بۆ نموونە ( پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف ) مەرجی بنەڕەتی لە دیاریکردنی مۆرفێمدا ( واتایە ) : (( مەبەست لە مۆرفێم – بچوکترین دانەی واتادار ، ئەوەیە کە ناتوانرێ بچووکتر بکرێتەوە بە مەرجێ واتای نەفەوتێ ))(مارف،١٩٧٧،ل١١٠). پاشان دوو ئەرکی مۆرفێمیش دیاری دەکات ، وەك : (( حاڵەتی ڕێزمانی تاکە دەوری مۆرفێم نییە ، بەڵکو دەورێکی دیکەی زۆر گرنگی هەیە کە ئەویش ڕۆنانی وشەیە ))(مارف،١٩٧٧،ل٢٤) . هەر لەم بوارەدا لە کتێبی ( سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی )دا لە پێناسەی مۆرفێمدا ئاماژە بە بۆچوونی ( بلوم فیلد ) دەدات کە دەڵێت : ((مۆرفێم بریتییە لە ( بچووکترین پارچەی ( واتا ) داری زمان ) ئینجا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر ئەو پارچە واتادارەی زمان کرا بە دوو پارچەی ترەوە ، یاخود تاقە دەنگێکی لێ جیاکرایەوە ئەو کاتە هیچ کامێکیان یا یەکێکیان واتا نابەخشێ ))(هەورامی،١٩٧٤،ل١١٠) . هەر لەم بوارەدا و سەبارەت بە مۆرفێم هاتووە : (( مۆرفێم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنێمێك یان زیاتر پێك دێت و دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە بەگۆڕین و لابردنی هەر فۆنێمێکی یا بەلەتلەتکردنی ، ماناو دەورە ئەسڵییەکەی تیا ئەچێ... ))(امین، ٢٠٠٤، ل٣٦٤). لەلای زمانەوانێکی تر مۆرفێم بە بچووکترین کەرتی پێکهێنەری وشە دادەنرێت وەك دەڵێت : (( بچوکترین کەرتی پێکهێنەری وشە ، کە پێوەندی لەگەڵ واتادا هەبێت مۆرفێمە یان وشەکەیە ))(کەرەمی، ١٣٩٦،ل٥). هەر هەموو ئەو پێناسانەی کە ئاماژەمان پێدا ئەوە دەردەخەن کە سەرجەمیان ( واتا ) یان کردووە بە بنەمای کارەکانیان بۆ ناسینەوەی مۆرفێم . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بۆچوونی دیکەش هەن کە ( واتا ) بە بنەمایەکی سەرەکی دانانێت بۆ ناسینەوەی مۆرفێم ، بۆ نموونە لە ( کتێبی چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی )دا بەچەند پرسیارێك دەسپێدەکات ، وەك : (( ئایا واتا بەتەنیا ئەم ئەرکی جیاکردنەوە و هەڵاویرکردنی بەتەواوی پێ جێبەجێدەکرێت ؟ ئایا دەشێت بە تەواوی پشت بە واتا ببەستین ؟ بەبۆچوونی من واتا هەموو شتێك نییە لە جیاکردنەوەی مۆرفێمدا ، تەنانەت لە هەندێك باردا دەبێت گوێی پێنەدرێت ، چونکە زۆر مۆرفێم هەن کە ئێستا واتاییان نییە ))(فەتاح،قادر ، ٢٠٠٦،ل٨). لەم پشتگوێخستنی واتادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە پلەی پێشەوە بە مۆرفێم نەدرێت ، بەڵکو بکرێت بە یەکێك لە بنەماکانی ناسینەوەی مۆرفێم . لەکۆی بۆچوونەکانیان بەم پێناسەیە دەگەن : (( مۆرفێم بریتییە لە بچووکترین جیاوازی لە فۆرمدا ( واتە لە شێوەی وشەدا ) کە بچووکترین جیاوازیی لە واتای وشە یان ڕستە یان لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا دروست بکات ، جا مۆرفێم خۆی واتای هەبێت ( وەك هەندێکجار هەیەتی ) یان هەر نەی بێت لە بارەکە ناگۆڕێت ، گرنگ ئەوەیە مۆرفێم جیاوازی دروستبکات یان دوو وشە یان ڕستە یان دوو ڕۆنان لەیەکتری جیابکاتەوە ))(فەتاح،قادر، ٢٠٠٦،ل١٤). هەر سەبارەت بە مۆرفیم لە کارێکی دیکەی دوای ئەو کارانەی پێشوو هاتووە دەڵێت : (( مۆرفێم دەتوانرێت بە گچکە تریین پێکهێنەری پرواتای دەربڕاوی زمانیی دابنرێت )) (مەحوی،٢٠١٠،ل٧). پاشان هەر لە ڕوانگەی واتاییەوە ، بە شێوەیەکی نوێ تر پۆلێنێکی مۆرفێمەکانمان بۆ دەکات : (( مۆرفێمەکان واتای

جۆراوجۆریان هەیە : 1- پڕ واتا هەندێك واتا كۆنكرێتین – بەرجەستە و جەستەیین ، و بە ئاسانی پەسەند دەكرێت ، مۆرفێمی وەك شتن ، بازرگان ، نا ، نە ، مە / پڕ واتان . 2- خاوەن – واتا : واتای دیكەش هەن ، نادیارن و واتاكانیان گرانتر پەسەندەكرێت ، وەك ، بۆ نموونە / یی / لە / كوردیی – هەولێریی /دا ... 3- خاوەن نیشانەی واتایی ( هەڵگری واتا ) و بێ واتا ( هەڵنەگری واتا ) ))(مەحوی،٢٠١٠، ل٨) . سەبارەت بە بێ واتایی مۆرفێم ئاماژە بە هەندێك مۆرفێم دەكات كە نادیار و ئەبستراكتن كە ناتوانرێت بگوترێت خاوەن واتان ، ئەوانیشی دابەش دوو جۆركردووە : (( ا- هەندێك لە واتاكان هەڵگری كۆمەڵێك نیشانەی وەك ( كەس ، ژمارە ، توخم ) ( ب )- هەندێك مۆرفێمی دییكەیان هێندە نادیارن ، كە ناتوانرێت ناوی واتایان لێبنرێن ، یا واتا بخرێتە تەكیان )) (مەحوی،٢٠١٠،ل٩_١١). بۆ ئەم جۆرەیان مۆرفێمی ( ە ) دەكرێت بە نموونە لە وشەكانی ( كوڕە كورد ، بەردەپێ ) كە ئەركی ڕێزمانی بەجێدەهێنن ، كە مەبەستی راستەوخۆی پێكهاتە ڕێزمانییەكان ( grammatical constructions) دەربڕینی واتایە بۆ ئەوەیە واتا دەربڕن . هەر لەم سۆنگەیەوە دەڕوانێتە ( مۆرفێم و واتا ) بەوەی كە مۆرفێمەكان یان خاوەنی واتان یان هەڵگری واتان ، یاخود هەڵگری نیشانەی واتایین . كەواتە مۆرفێم بكەوێتە ژێر هەریەك لەو دابەشكردنانە دەبێتە هەڵگری واتا .

1 – 3 : ئەندامەكانی جەستە وەك مۆرفێمێكی كۆنكریتی :

لەم لێكۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت ئەندامەكانی جەستە وەك مۆرفێمێكی كۆنكریتی لە پێكهاتەی وشەكانی زمانی كوردیدا دیارییكەین و هەوڵی لێكترازان و هەڵوەشاندنەوەیان بدەین . جێی سەرنجە ناوی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ وەك فەرهەنگی بنەڕەتی زمان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێكهاتەی وشەی زمانی كوردیدا هەیە ، چونكە : (( زانینی ستراكچەری وشەكان لایەنێكی بنەڕەتییە لە توانای زمانی ))( FRACIS. 2006 .p25 ) بۆیە لێرەدا دەمانەوێت پەیكەری ئەو وشانە دیارییكەین كە لە زمانەكەماندا ئەندامەكانی جەستە تێیدا بەشداربوونە و بوونە بە وشەیەكی فەرهەنگی و لە فەرهەنگدا دەنوسرێنەوە . ئەم جۆرە وشانەش دابەشی دوو جۆر دەبن ، وەك ( لێكدراو، داڕێژراو ) .

_ وشەی لێكدراو : لە دوو وشەی سادە یان دوو ڕەگ پێكدێت بۆ دروستكردنی وشەیەكی لێكدراو لە قاڵبێكی نوێدا . وەك لە یەكترازاندنی ئەم وشانەی خوارەوەدا دەردەكەون .

1 – 4 : ئەو وشانەی مۆرفێمی ( پێ ) بەشداری پێكهاتەیان دەكات و ناوێكی لێكدراو ڕۆدەنێت ، وەك : -


_ لێكدانی دوو مۆرفێم بۆ ڕۆنانی وشەیەكی فەرهەنگی بە شێوە و قاڵبێكی نوێتر ، لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بۆ ڕۆڵی ( پێ ) بكەین وەك مۆرفێمێكی كارا دەتوانێت ببێت بە بنكەی دروستبوونی وشە لێكدراوە نوێییەكان و ئاراستەكانیش لەوەوە دەستپێدەكات و تۆڕی پەیوەندییەكانیشی بەم شێوەیە دەبێت ، وەك :

_ پێ + خەسوو ____ پێخەسوو

_ پێ + لەقە ___ پێلەقە

_ پێ + گران ( سست و خاو لە ڕۆیشتندا ) ___ پێگران

بەپێی ئەم یاسایە دەشێت ئەم وشە فەرهەنگیانە دیاریبکەین ، وەك : پێڕەش ، پێكوڵە ، پێبەند ، پێڵاو ، پێگرتن ، پێخاوس ، پێپەتی ، ...




_ جێی سەرنجە كە ( پا ) ئەلەمۆرفی ( پێ )یە و زیاتر لە گەرمیاندا بەكار دەهێنرێت ، ئەویش بە هەمان شێوەی ( پێ ) وەك بنكەیەك بەشداری ڕۆنانی وشەی فەرهەنگی دەكات و لەوەوە ئاراستەكان دیاری دەكرێت ، بۆ نموونە :

_ پا + خەسوو ___ پاخەسوو

_ پا + پۆش ___ پاپۆش

_ پا + پەتی ___ پاپەتی

بەهەمان شێوە و یاسا دەشێت ئەم وشە فەرهەنگیانەش دیاریبكەین ، وەك : پابەستە ، پاشۆرە ، پاشۆر ، پابەند ، پاچینە ، پاگێر ، پاچەوت ، پاوانە ، پاڕەش ...

دەشێت لەم قاڵبانەشدا دەربكەوێت ،بەهۆی ناوبەندەوە" وەك :

پا + و + پووز ___ پاوپووز

_ پا + و + پل ___ پاوپل ... هتد


مۆرفێمی ( پێ ) لە قاڵبێكی دیكەدا دەردەكەوێت ئەویش ئەوەیە كە ( پێ ) جێگیرە و ئاراستەكان ڕووەو ئەوە ، وەك :

_ گا + پێ ___ گاپێ

_ چۆلەكە + پێ ___ چۆلەكەپێ

_ ئاسكە + پێ ___ ئاسكەپێ

بەم جۆرە دەشێت ئەم وشانە دیاریبكەین : پشیلەپێ ، چوارپێ ، پشتەپێ ، بەردەپێ پەڕلەپێ ... هتد .



سێ سەرنج :

1_ ئەوەی جێی سەرنجە مۆرفیمە ئاراستە کراوەکان ناون ، بەڵام لە پێکهاتەی کۆتاییدا ئاوەڵناوێك پێکدێنێت . واتا بەشە ئاخاوتنێك دەگۆڕێت بۆ بەشە ئاخاوتنێکی تر .

2 _ هەوەها ئەڵەمۆرفی ( پا ) لەم پێکهاتەیەدا تا ڕادەیەك سستە ، وەك : ( ژێرپا ، گاپا ..)

3 _ لە ڕۆنانی وشـەی دارێژراودا جەسـتە وشـەی( پێ) تاڕادەیەك سـستە ، وەك : پێگە ، پێدار ( وەك لەم پەندە کوردیەدا هاتووە ( پێدار بگرە بێ پێ ماڵە ) ...

1-_5 : دەست


وەك جەسـتە وشـەیەکی بنکەیی زۆر چالاك و بە بەرهەمە ، کە ڕۆڵێکی کارا لە ڕونانی وشـەی لێکدراودا دەگێڕێت . هەروەها جێی ئاماژەیە کە لە پێکهاتەکانیدا بەبێ ئامراز و بە ئامرازەوە وشـــەی فەرهەنگیمان بۆ ڕۆدەنێت . لەم ڕۆنانەشـــدا ئاراســـتەکە لە ( دەســـت )ەوە چالاکترە وەك لەوەی لە مۆرفیمەکانی ترەوە ئاراسـتە بکرێت ، واتا مۆرفێمی دەسـت دەبێت بە سـەرچاوە بۆ بنیادنانی دروسـتەی مۆرفۆلۆژی وشـە لێکدراوەکان . بۆیە ناتوانیین جێگۆڕکێیان پێبکەین . بۆ نموونە ، ( دەسـتپیس ) ناکرێت جێگۆڕکێ بە پێکهاتەکەی بکەین و بڵێین ( پیســـدەســـت ) چونکە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەو شـــێوەیە تۆمـارنەکراوە ، یـان واتـای دیکەی نەخراوەتەســـر . ئەم بۆچوونە هەموو ئەو نموونـانەی خوارەوە دەگرێتەوە ، وەك :

_ دەست + پیس ___ دەستپیس

_ دەست + ڕەش ___ دەستڕەش

_ دەست + پڕ ___ دەستپڕ

_ دەست + کێش ___ دەستکێش





بەپێی ئەم یاســـاو ئاراســـتەیە دەتوانیین ئەم وشـــە لێکدراوانە دیاریبکەین ، بەبێ ئامراز : وەك : - دەستکورت ، دەستخۆش ، دەستڕەنگین ، دەستڕازە ، دەستقوچاو ، دەستڕاست ، دەستقەرز ، دەستڕۆ ، دەستنوێژ ، دەستبڕ ، دەستپەڕ ، دەستهاڕ ( دەستاڕ ) ، دەستکاری ، دەستڕۆکە ، دەستبڵاو ، دەستخەڕۆ ، دەستکێش ... بەهۆی ئامرازەوە ، وەك :- دەستەمۆ ، دەستەواژە ، دەستەپاچە ، دەستەبرا ، دەستبەسڕ ، دەستەخوشك ، دەستەکوتە ، دەستەدز ، دەستەبەر ، دەستەبەدەستە، دەستبەکار، دەسبەسەر ، دەستوبرد ، دەستوپل ،دەستوپێوەند ، دەستوداوێن( دەستەوداوێن ) ، دەستوخەنجەر ، دەستەودوعا ، دەستەونەزەر ، دەستەوئەژنۆ ، دەستەویەخە ، دەستەووەستان ، دەستبەدەست ...هتد .

تێبینی :

- دەشـــێت ( مۆرفێمی دەســـت ) لە قاڵبی ( دەس ) بەبێ ( فۆنێمی- ت - ) دەربکەوێت و بێ ئەوەی کار لە پێکهاتەکە بکات ، وەك : دەســگر ، دەســڕازە ، دەســپاك ، دەســپیس ، ... دەســبەجێ ، دەســەسڕ ، دەسەودوعا ، دەسەوئەژنۆ ...

_ لە هەندێك وشـــەی لێکدراوی تردا ( دەســـت ) جێگیرەو مۆرفێمەکانی دیکە ئاراســـتەکەرن یان ( ســـەرە )ن بۆیە ناتوانن جێگۆڕکێ بکەن بۆ نموونە ناوترێت ( دەســـتســـەر* ... ) ، وەك : جێدەســـت ، دووردەســت ، باڵادەســت ، ســەردەســت ، یەکدەســت ، بندەســت ، ژێردەســت ، تەڕدەســت ، داردەســت ، بەردەست ، ئاودەست ، دەم ودەست ، کاربەدەست ، ....هتد





کەواتە لەم وشە لێکدراوانەدا ئەوە دەردەکەوێت کە مۆرفێمەکانی تر سەرچاوەی بە لێکسیمبوونی ( دەست )ن و دەسەڵاتی واتاییان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشاوە ، بۆ نموونە ئەگەر وشەی ( کاربەدەست ) وەربگرین ، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ناتوانیین کەرتە پێکهێنەرەکانی پێچەوانە بکەینەوە بیکەین بە ( دەستبەکار ) چونکە لە ڕووی سیمانتیکەوە تەواو واتاکەی دەگۆڕێت و واتا بنەڕەتییەکەی لە دەستدەدات . ئەم دوو پێکهاتەیە دوو وشەی تەواو جیاوازن و ناشێت لە بری یەکتر بەکار بهێنرێت ، چونکە دوو فۆرمی فەرهەنگی جودان . هەروەها بۆ ئەو وشانەی دیکەش هەمان شتن .


1 _ 6 : چاو :-

چاو یەکێکە لە ئەندامە گرنگەکانی جەستەی مرۆڤ و هەستەکانی . ئەم ئەندامە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە دروستکردنی وشەی فەرهەنگی و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا . چاو وەك ئەندامێك بۆ تێڕوانیین و بینین و وێنەگرتنی شتەکانی دەوروبەر و نزیك و دوور و تێڕوانیین بەهۆی چاوەوە ، وەك : چاولەڕێ ، چاولەدەست ، چاولەدەر ... هتد . چاو وەك بناخە و بنکەیەکی جێگیر و ئاراستەکەر مامەڵە لەگەڵ ئەو مۆرفێمانەدا دەکات کە دەبنە کەرتە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکان . بۆیە ناشێت جێگۆڕکێ بە مۆرفێمە پێکهێنەرەکانی بکرێت . واتە کەرتەکانی جێگیرن و جێگۆڕکێ پەسەند ناکەن . هەروەها جێی سەرنجە کە چاو لەگەڵ ئاوەڵناو و ناو و ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت ، وەك : ( چاو + پیس ، چنۆك ، سور ، ڕەش ، تیژ ، قایم ، ساغ ، شین ، تێر ، تەنگ ، ڕوون ، توند ، نەترس ، مەست ، حیز ، برسی ، تاریك ، شۆڕ ، زەق ، جوان ، ڕەش ، باشقاڵ ، گا ، چێڵ ، پۆڕ ، بۆق ، ماسی ، پشیلە ، باز ، مار ، کونەپەپوو ، سوێسکە ، کونەسوزن ، کەڵەشێرە ، سۆتك ، ڕاو ، چۆریاگ ، چڵێس ، چڵە ، خوار ، لە دەر ، لە دەست ، لەڕێ ، لەدوا ، لێبڕین ، لێکردن ، تروکاندن ، کەوتن ، دانەسەر ، پیبوون ، سپیلگە ، ئێشە ، هەڵتەکاندن ، لەوەرین ، لەدەست ، شکاندن ، لێدان ، تێبڕین ، بڕین ، بزکردنەوە ،


لێدان ،نەترس ، داخستن ، نوقان ( قوچاندن ) ، گرتن ، بڕکێ ، شارکێ ، وزار ، دێر ، فڕین ، ترسێن ، مەست ، ڕشتن ، پەڕین ، بەستە ( بەس ) ، بەن ، پۆشین ، ... )



وەك ئاماژەمان پێدا ( چاو ) وەك بنكەیەكی جێگیری ئاراستەكەر ڕۆڵی گرنگی هەیە ، بەڵام وەك ئاراستە بۆ كراو ئەو ڕۆڵە گرنگەی نییە و زۆر سنوردارە ، وەك : ( دەم و چاو ، چوارچاو ، چڕوچاو ، فیسقەچاو ... هتد ) .




جێی سەرنجە ( چاو ) لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا سستە و زۆر بەكارنییە و بە كەمی بەشداریدەكات ، وەك : ( چاویلكە ، چاودار ، چاڤك ، چاویلە ... ) .



تێبینی :

دوو مۆرفێم یان زیاتر كە پێكەوە دەردەكەون هەندێك كۆتوبەندی واتایی دەخەنەسەر یەكتری كە لە وشەی لێكدراودا بەو كۆتوبەندانەش دەوترێت هەڵبژاردن ، بۆ نموونە :


ا – چاو + پیس – چاوپیس

ب* - پیس + چاو _ پیسچاو

وشەی چاو دەبێتە یەكێك لە سیما واتاییەكانی وشەی یەكەم كە دەشێت ( + ناو + ئاوەڵناو + ئاوەڵكزدار ... ) بێت . بەڵام لە وشەی لێكدراوی دووەمدا ( پیس ) توانای هەڵبژاردنی ( چاو )و جەستەوشەكانی تری نییە ، بۆیە وشەكە لە ڕووی واتاوە پەسەند نییە و پەسەند ناكرێت .

1_ 7 :- دڵ :


دڵ : ئەو ئەندامە گرنگەی ناو سنگی مرۆڤە كە لەگەڵ هەموو خۆشی و ناخۆشییەكدا لێدانی زیاد و كەم دەكات . دڵ پەیوەستە بە هەست و سۆزەوە ، ئەم هەست و سۆزەش لە هزر و بیری مرۆڤدا ڕەنگدەداتەوە ، بۆیە زۆربەی ئەو وشانەی دڵ تێیدا بەشداره لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە . بێگومان ئەو هەست و سۆزانەش شتێكی نەبینراوە و نابەرجەستەیە بوونێكی فیزیكی نییە ، واتە ئەبستراكتە . دڵ وەك سەرچاوەیەكی گرنگی هەست و سۆز و ئازایەتی و ترس و ڕەشبینی و گەشبینی ... هتد ، بەشداری پێكهاتەی ژمارەیەك وشەی لێكدراو دەكات و دەبێتە بنكەیەكی جێگیر و ئاراستەكەر بۆ كەرتە پێكهێنەرەكانی وشە لێكدراوەكان . بەم جۆرە كۆمەڵێك وشەی ئەبستراكت ڕۆدەنێت ، كە لە هەندێكیاندا كەرەستەی ماددی بەرجەستە بەشداری پێكهاتەكانی دەكات ، چونكە لێرەدا وەك خوازە بەكار دێت ، بۆ نموونە : ( ئاسن ، بەرد ، شوشە ، ... ) .( دڵ ) وەك جەستە وشە ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە ڕۆنانی ئاوەڵناوی لێكدراودا ، بەڵام سەبارەت بە ناو ئەوە بەدیدەكرێت ، كە زۆر بەكەمی بەشداری دەكات . هەروەها بۆ هەندێك بارودۆخی دەروونیش وەك سەرچاوەی لێدانی زیاتری ترپەی دڵ ، كە پەیوەستە بە باری دەروونی تاك ڕۆڵ دەبینێت . بۆ ئاوەڵناوی لێكدراو ، وەك : ( دڵ : خۆش ، تەنگ ، گەرم ، ڕەق ، نەرم ، ڕەش ، گران ، وریا ، ئەستوور ، ڕفێن ، ئاگر ، شكاو ، كراوە ، باش ، تەڕ ، تاریك ، گیر ، ئاوا ، كرمێ ، گەورە ، ئاسودە ، قایم ، پیس ، سەرد ، نەواز ، ئارام ، ساف ، تەنگ ، تەزێن ، نیا ، ناسك ، مردوو ، پڕ ، نشین ، مەند ، گر ، بەستە ، بەژان ، بەرد ، ئاسن ، شوشە ، ... )




لە ڕۆنانی ناودا ، وەك : ( دڵ + پاك ، خۆش ، شاد ، سۆز ، بەند ، بەر ، زار ، خوین ، ... )

لە ڕۆنانی باری دەروونیدا ، وەك ( دڵەڕاوكێ ، دڵەكوتێ ( كوتە ) ، دڵەخورپە ، دڵەلەرزە ، دڵەكزێ ( كزە ) ، دڵاودڵ ، دڵ لە دڵدان .... ) .

دڵ لە پێكهاتەی هەندێك وشەی لێكدراودا دەبێتە ئاراستە بۆكراو ، واتە كەرتە پێكهێنەرەكانی دەبنە سەرە و وشەكە ڕۆدەنێن ، وەك : ( سەنگدڵ ، ئاتەشدڵ ، دوودڵ ، شێردڵ ، دێودڵ ، كوێردڵ ، ئاسكەدڵ ، ... ) .




تێبینی : دڵ لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا زۆر سستە و بە كەمی دەردەكەوێت ، وەك ( بێدڵ ، دڵە ، دڵدار ، دڵمەند ، .. )

1_ 8 : خوێن :


ئەو شلەمەنییە سورەی كە سەرچاوەی ژیانی هەموو زیندەوەرانە ، پێی دەوترێت ، خوێن ، كە بەشداری پێكهاتەی كۆمەڵێك وشەی لێكدراو دەكات و دەبێتە بنكەی ڕۆنانی وشەی فەرهەنگی و

ئاراســـتەکەر . خوێن وەك ( میتافۆر – خوازە ) لە زمانی کوردیدا ڕۆڵ دەبینێت . واتە ئەو وشـــانەی ( خوێن ) تێیدا بەشـــداری پێکهاتەکانی دەکات ، لە زۆربەیاندا ئاماژەیە بۆ کارە ئەبســـتراکتەکان ، وەك : ( خوێنمژ ) , ئەم وشـــە لێکدراوە لەوەوە ســـەرچاوەی گرتووە کە کەســـانی دیکتاتۆر و زۆردار ، بەزۆری زۆرداری خەڵکی دەچەوسێننەوە و سـەروماڵی خەڵکی بەتۆپزی دەبەن ... بۆیە ( خوێنمژ ) وەك میتافۆر وەرگیراوە کە مانای ئەوەیە کەسی ( خوێنمژراو ) ژیانی لە مەترسیدایە و بەرەو مردن دەڕوات ، چونکە ( خوێنمژێك ) خوێنی دەمژێت . بۆ ئەم جۆرە میتافۆرە خوێن بەشـداری کۆمەڵێك وشـەی لێکدراو دەکات و ئـاراســـتەکەش لە خوێنەوەیە ، وەك : ( خوێن + مژ ، خوار ، ڕێژ ، ڕژان ، گر ... ) لە هەندێك پێکهـاتەدا ( خوێن ) وەك( ئـاگر ) ڕۆڵی پێدراوە ، وەك : ( خوێنکوژانەوە ) ، کە ئەمیش میتـافۆرە و بە مانای نەهێشـتنی شـەڕ و پێکدادان و کوشـتنە ... هەروەها ( خوێنبەس ) بۆ هەمان میتافۆر بەکاردێت ... یاخود وەك میتافۆری تۆڵە کردنەوە : ( خوێنئەســـتێن ) ... یان بۆ ئاشـــتیوونەوە و ڕێککەوتن بە پارە میتافۆری ( خوێنبژاردن ) هاتووە ، کە مەبەســـت پێدانی پارەیە بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان . بە هەمـان واتـا لە هەنـدێك نـاوچەی تردا دەوترێت ( خوێن بـایی ) . هەروەها ( خوێن ) بەشـــداری ئاوەڵناوە لێکدراوە میتافۆرییەکانیش دەکات ،وەك : ( خوێن + شـــرین ، تاڵ ، گەرم ، ســـارد ، جومان ، ئاوی ... ) .




یان وەك ناوی لێکدراو ، وەك : ( خوێن + بەردان ، بەر ، ئاو ... ) .

ئەوەی جێی سەرنجە ( خوێن ) وەك ئاراستە بۆکراو بە کەمی دەردەکەوێت ، وەك : ( دەم بەخوێن ،چنگبەخوێن ، ...)




یان وەك ناوی لێکدراو ، وەك : ( خوێن + بەردان ، بەر ، ئاو ... ) .

هەوەها لە پێکهاتەی وشەی داڕێژراویشدا سستە ، وەك : ( خوێن + کە ، کەر ، دار ... ) .


1_ -9 : سەر :

بەرزترین بەشی جەستەی مرۆڤە و ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستەی ئەو وشانەی کە مانای بەرزێتی و دەسەڵات و باڵایی دەنوێنن ... هەروەها لە پێکهاتەی ئەو وشانەدا بەشدارن کە دەبێتە مایەی نەنگی و شەرمەزاری بە داگرتن و نەویکردنەوەی ئەو ئەندامە بەرزەی جەستە ... جێی ئاماژەیە کە ( سەر ) لە زۆربەی پێکهاتەکانیدا بەشێوەی میتافۆر بەکارهاتووە ... ئەوجا ئەو بەکارهێنانەش بۆ بەرزکردنەوە بێت یان نزمکردنەوەی پایەیی بەرانبەر ، کە بۆی بەکاردەهێنرێت ، ( سەر ) لە زۆربەی پێکهاتنەکانیدا ئاراستەکەرە و بنکەی ڕۆنانە ... لە پێکهاتەی ئاوەڵناویدا ، وەك : ( سەر + ڕاست ، ڕووت ، ڕەق ، سپی ، سواڵکەر ، سوڕمان ، شۆر ، قژن ، کز ، کێش ، کێشی ، گران ، گەردان ، گەرم ، گەورە ، دەستە ، مەست ، مەشق ، ناس ، سامی ، سوڕمان ، باڕۆکە ، بڕ ، بزێو ، بڵند ، بڵندی ، بەتاڵ ، بەرز ، بەرزی ، تۆپ ، دەست ، قاڵ ، بار ، پەتی ، خۆش ،شۆڕ ،شیو، سەخت ، قەوی ، کزی ، مەست ، ... ) .



بۆ ڕۆنانی ناویش بەهەمان شێوە ( سەر ) بنکەیە و ئاراستەکەرە ، وەك :

( سەر + پەل ، تاش ، توێ ، چاوە ، جەم ، چۆپی ، خێڵ ، دەستە ، ژمێر ، عێل ، عەشیرەت ، قافڵە ، قفڵانە ، قەبران ، قەتار ، قەڵەمانە ، کۆمار ، هۆز ، دار ، بەست ، کەوت ، کردە ، پۆش ، هەنگ ، دەق ،شۆر ، باز، هار، ... ) .




هەروەها ( سەر ) بەهۆی ناوبەندیشەوە بەشداری پێکهاتەی وشەی لێکدراو دەکات ، وەك : ( سەر + اپا ، اسەر ، انسەر ، بەرەوخوار ، بەرەوژوور ، بەسەر ، بەمۆر ، بەقوڕ ، بەهۆش ، وبن ، وپێ ، و پاچك ، و سەكوت ، و پۆتراك ، و گویلاك ، و ماڵ ، ە خۆرە ، ە داو ، ە ڕۆ ، ە ڕۆیی ، ە مەرگ ، ە مێکوتە ، ەڕێ ، ... )

( سەر ) لە داڕشتنی وشەی داڕێژراودا سستە و بە کەمی دەبینرێت ، وەك : ( سەر + ین ___ سەرین ، سەر + وەر ____ سەروەر ، سەر + ۆك ___ سەرۆك ، سەر + ە ____ سەرە ، سەر + ەتا ___ سەرەتا ، .... )


جێی سەرنجە كە وشەی ( كەڵە ) كە هاوواتای ( سەر ) ە ئەویش لە هەندێك پێكهاتەدا بەشداریدەكات . بەڵام وەك وشەی ( سەر ) ڕۆڵ نابینێت ، وەك : ( كەڵە + پوچ ، بۆش ، بێژنگ ، پاچە ، ڕەق ، زل ، شەكر ، قەند ، كەر ، با، تەزێن، زاور ، شەق ، كۆن ، ... )

1_ -10 : مل :

( مل ) ئەندامێكی گرنگی جەستەی مرۆڤە كە هەڵگری بەرزترین ئەندامی جەستەیە كە ئەویش ( سەر ) ە . هەر بۆیە ( مل ) لە پێكهاتەی ئاوڵناوی لێكدراوی میتافۆریدا زیاتر چالاكە و ڕۆڵی گرنگ دەبینێت ، هەروەها ئاراستەكەرە ، وەك : ( مل + پان ، شكاو ، حیز ، باریك ، وەقنگ چەسپاو ، لار ، شكاندن ، كەچ ، خوار ، قیت ، باریك ، درێژ ، شۆڕ ، ئەستور ، قەوی، پیاكردن ، نەنیان، مار ، بەرز ، .... ) .



هەروەها بەشداری دەکات وەك ئاراستە بۆکراو ، وەك ( مارمل ، کەرمل ، پەت وەمل ، بەرازمل ، زەڕافە مل ، کەومل ، دەزوومل ، شیشەمل ، لارەمل ، نیانەمل ، گیزمل ، خستنەمل ، نایەمل ، ..)



جێی ئاماژەیە کە لەم دووکۆمەڵە ئاوەڵناوانەدا تەنها ( بەرز و شیشەمل ) لایەنی ئەرێنی دەبەخشێت کە لە وەســـفی ( ئافرەتدا ) بەکاردەهێنرێت ، ئەگینا ئەوانی تر هەر هەموویان بۆ کەمکردنەوەی پایەی ئەو کەسەیەکە بۆی بەکاردەهێنرێت ...

تێبینی :

1- _ گەردن کە بە واتای پێشەوەی مل دێت ئەویش لە هەندێك وشەی لێکدراودا بەشداریدەکات ، وەك : ( گەردن + باریك ، بەند ، بەن ، کەچ ، گر ، کیر، ئازاکردن، ئازایی ، کێل ، کەش ، ... )

2-_ دەشــێت ( گەردن ) بەشــداری وشــەی داڕێژراویش بکات ، وەك : ( گەردن + ە ___ گەردانە ، گەردن + ە ___ گەردنە ( گەردەنە ) ، گەردن + لغ ___ گەردنلغ ، ... ) جێی

ئاماەژەیە کە پاشــگری ( لغ ) لە زمانی تورکییەوە وەرگیراوە و بەشــداری ئەم پێکهاتەیەی کردووە . هەروەها لە دوو وشەی دیکەشدا بەرچاوە ، وەك : ( فیشەگلغ ، پووزلغ )

3-_ هەروەها وشــەی ( ئەســتۆ ) کە بە مانای ئەســتوورایی مل دێت ، ئەویش بەشــداری هەندێك وشەی لێکدراو دەکات ، وەك : ( ئەستۆ + پاکی ، پاك ، شکاو ، ورد ، خیس ، ... )

1_-11 : دەم :

دەم : ئەو ئەندامە گرنگەی مرۆڤە ، کە دەکەوێتە خوارووی ( لووت ) و ســەروو ( چەناگەوە ) . دەم سـەرەتای هاڕینی خۆراکە و یەکەم یاریدەدەری کردەی هەرسکردنە ، هەروەها شوێنی تام و چێژکردن و قوتدانی خۆراکە ... هتد . دەم ڕێڕەوی هەوایە بۆ سییەکان و جەستەی مرۆڤ ... لەم کردەی هەناسە وەرگرتن و دانەوەیدا مرۆڤ سودمەند بووە لە پێشەوەی دەم و بۆشایی ناو دەم ، کە کۆمەڵێك ئەندامی زۆر گرنگی لەخۆ گرتووە بۆ دروستکردنی کۆمەڵێك دەنگی زمانی و پرۆسیسی قسـەکردن ... بۆیە ( دەم ) لە ڕووی پێکهاتەی وشـەوە بەشداری کۆمەڵێك وشـەی لێکدراو دەکات . جێی ســـەرنجە ( دەم ) لە پێکهاتەی ئاوەڵناوی میتافۆریدا بەکارە و زیاتر ئەو ئاوەڵناوانە پەســـەند دەکات کە لایەنی نەرێنی دەبەخشن . هەوەها لە زوربەی کاتدا ( دەم ) دەبێتە سەرەی ئاوەڵناوەکە و ئاراستەکە لەوەوە دەبێت . وەك :

بەبێ ئامراز :

_ دەم + شـڕ ، ڕووت ، مردوو ، پیس ، چەوت ( چەفت ) ، چەپەڵ ، پوچەڵ ، داچەقاو ، سـارد ، ســوور ، کوت ، لێدان ، لێکدان ، لێکنان ، هەڵبەس ، هەڵە ، خوار ، حیز ، درێژ ، دڕاو ، ڕەش ، هەراش ، گەناو ، پوچ ، بڵ ، پان ، زل ، بەردان ، گواوی ، گورگ ، کەر ، شـێر ، ســەگ ، ... گەرم ، تەڕ ، ڕاست ، سپی ، خۆش ، پاراو ، بەس ( بەست ) ...




بەهۆی ئامرازەوە :

( دەم و + دوو ، دەس ( دەست) ، کاوێژ ، فلق ، فلچ ، قەوچە ، ددان ، پل ، دو ، چاو ... )




( دەمە ( دەم + ە) + تەقە( تەقێ ) ، دەم ، زەرد ( زەن ) ، شێر ، قاڵێ ، قرە ، قەیچی ، کوتێ ، لاسکە ( لاسکێ ) ، وخوار ، ورِۆ ، وژێر ، و نخون ، وەر ، ... )



1_-12 : پشت :

ئەو جەستە وشە گرنگەیە کە پێی دەوترێت بربرەی پشت و هەڵگری بەشێکی زۆری کێشی مرۆڤە و ئەرکی ئەوەیە کە جەستەی مرۆڤ لە دەرەوە بە ڕێکی بهێڵێتەوە . ئەو مرۆڤانەی بەهێز و توانان خاوەنی پشت و بربڕاگەیەکی بەهێز و پتەون ... بۆیە لە پێکهاتەی وشەی زمانی کوردیدا بەزۆری ڕۆڵی هێز و توانا و دەسەڵات دەبەخشێت ( بەپشتە : واتا کەسێك خاونی دەسەڵاتە بەهەر هۆیەکەوە بێت ) ...یاخود بۆ نموونە وەك وشەی لێکدراو : - پشت + ئەستور ، پێبەستن ، گیر ، تێکردن ، دان ، سارد ، گرتن ، شکان ، هەڵکردن ، و پەنا ، ئاوپشت ، لێکردن ، کووڕ ، دانەوە ، کۆم ، لێدان ... هتد . بەهۆی ئامرازەوە ، وەك : پشتە + مێر ، مەلە ، ... هتد . جێی سەرنجە لەم وشانەدا (پشت ) وەك ئاراستەکەرێك و بنکەیەك مامەڵە لەگەڵ مۆرفێمە پێکهێنەرەکانی دەکات و

پەســـەنـدی جـێـگـۆڕکـێـی نــاکــات ، نــاوتـرێـت ( ئەســـتـورپشـــت ، پـێـبەســـتـن پـش




تێبینی :-

أ - پشت لە پێکهاتەی وشەی داڕێژراویشدا بەشداریدەکات ، بۆ نموونە : ( پشت + دار ، ێن ( ێند ) ێنە ، ی ، ەك ، ە ، ... ) .

ب - لەم وشانەدا پشت دەبێتە ئاراستە بۆکراو ، کە بە مەبەستی تانە لێدان دێت ، وەك : ماکەر + پشت – ماکەر پشت ، کیسەڵ پشت ، ... هتد





1_-13 : زگ - سك :


زگ ، ســـك : ئەو بەشـــە گرنگەی لەشـــی مرۆڤە کە لە خوار دەفەی ســـنگەوە تاوەکو ڕان پێیدەوترێت ( زگ ، سك ، زك ) . ئەم بەشـەش وەك جەستە وشـە تا ڕادەیەکی باش ڕۆڵی بنیاتنانی وشـــەی نوێی هەیە لە زمانەکەدا . ئەوەی جێی ســـەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە ، بەشـێکی ئەم وشـــە لێکدراوانەی کە ( زگ ) تێیدا بەشدارە وەك میتافۆر ڕۆڵ دەبینن بۆ نموونە ( زگبرسی ، زگپێسوتان ، زگ لەوەڕین ( چڵێس ) زگ بەرەڵا ، زگســـوتـاو ، زگتێر ، زگبەردان ، زگدڕاو ، زگڕەش ، زگکوور ، زگن ، ... هتد ) . ئەگەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی وەو وشـــانە وەرگرین دەبن بە : ( زگ

+ برسی ، سووتان ، لەوەڕین ، بەڕەڵا ، سووتاو ، تێر ، بەردان ، دڕاو ، ڕەش ، کوور ، ن ... ) کەواتە وەك میتافۆرێکی جەســـتەیی بەکارهاتووە ، بۆ چاوچڵێســـی و تێر نەبوون و ، گوێ بەهیچ نەدان ، بە تایبەتی بۆ مرۆڤی چڵێس گەلێك پێکهاتە دەبینرێت کە ( زگ ) تێیدا بەشدارە ، کە ئەمیش بەندە بە تێڕوانینی سـایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵ بۆ تاکە چڵێس و یەرژەوەندی خوازەکانی ناو کۆمەڵگا ، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە .

هەروەها دەشــێت بووترێت کە ( زگ ) لەم وشـــە لێکدراوانەدا بنکە و ئاراســـتەکەرە بۆ بەشـــە پێکهێنەرەکانی ، وەك : ( زگ + برســـی ، کردن ، بوون ، بەردان ، زل ، پێچدان ، پێســـووتان ، تاودان ، چوون ، دڕین ، ڕۆین ، ئێشــە ، پڕ ، تێر ، دڕاو ، مڕۆ ، ڕەش ، ڕەق ، قۆپاو ، گیری ، لەوەڕین ، و زا ، دڕێ ، هشۆڕە ، شێلان ، بەڕەڵا ، ... هتد ) .



بەڵام جێی سەرنجە ( زگ ) وەك مۆرفێمی ئاراستە بۆکراو بە کەمی دەردەکەوێت ، وەك : ( بن زگ ، بەر زگ ، ژێر زگ ... ) .




ئەنجام :

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەوەی کە :

1-ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە زمانی کوردیدا وەك مۆرفیمێکی کۆنکریتی رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پێکهاتەی سەدان وشەدا هەیەو دەتوانن بە بەردەوام وەك پێکهێنەرێك بەشداری لە پێکهێنانی وشەی لێکدراو و داڕێژراو بکەن .

2-بەپێی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە جەستەوشەکان بەشێکیان زۆر چالاکن و بەشێکی دیکەیان مامناوەندین و بەشێکی تریان لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێدا سستن .

3-جەستەوشەی خوێن بەشداری کۆمەڵێك وشەی لێکدراو دەکات لە زوربەیاندا ئاماژەیە بۆ کارە ئەبستراکتەکان وەك میتافۆر رۆڵ دەبینێت .

سەرچاوەکان:

1_ مەحوی ، محمد ( 2010) مۆرفۆلۆژیی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان ، زانکۆی سلێمانی .

2_ سەعید، یووسف .(2013 )، وشەسازی ، هەولێر .

3_ کەرەمی ،سەعید. ( 1396 ) وشەناسی زمانی کوردی ، زانستگای کوردستان

4_ مارف، ئەورەحمان. ( 1977 ) ، وشە رونان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا.

5_ هەورامی، محەمەد.( 1974 ) ،سەرەتاییەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ، بەغدا

6_ امین، وریا. ( 2004 ) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ،هەولیر.

7_  فەتاح، قادر، محمد و سەباح. ( 2006 ) ، چەند لایەنیکی مۆرفۆلۆجیی کوردی ، هەولیر .

8_ مەحوی، محمد.( 2010 ) مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پیکهاتەکان،سلیمانی.

9-KATAMBA , FRACIS .(2006)> MORPHOLOGY .NEWYORK :JUNGLEPUB, IRAN

**Sources**

1- Mahwi, Mohammed (2010) Morphology and Combination of Compositions, Sulaimani University.
2- Saeed, Yousef (2013), Vocabulary, Erbil.
3- Karami, Saeed. ( 1396 ) Lexicology of Kurdish Language, Kurdistan University
4- Marf, Awrahman. ( 1977 ), Word Explanation in Kurdish Language , Baghdad.
5- Hawrami, Mohammed (1974), Introduction to Kurdish Philology, Baghdad
6- Amin, Warya. (2004) Some Other Linguistic Horizons, Erbil.
7- Fatah, Qadir, Mohammed and Sabah. ( 2006 ), Kurdish Morphological Aspects , Erbil
8- Mahwi, Mohammed (2010) Morphology and Comparison of Structures, Sulaimani.
9- THROAT , FRACTION .(2006)> MORPHOLOGY .NEWYORK :JUNGLEPUB, IRAN